**Kurdish Human Rights Association**

## راپۆرتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئاماری لە سێدارەدراوەکان لە ئێران حەوتوی شەشی سالّی ٢٠١١

لە سێدارەدانی ١٠ کەس
بەردەوامی گوشار و ئەشکنجە لە سەر گیراوانی سیاسی و مەدەنی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان
بەردەوامی دەست بە سەر کردنی چالاکوانانی سیاسی و مەدنی و فەرهەنگی
ئاشکرا بونی یەک بە دوای یەکی گۆرە بە کۆمەڵەکانی کوردان لە باکوری کوردستان کە بە دەست دەستەڵاتدانی تورک کوژراون
ئاماری لە سێدارەدراوەکان لە ئێران

ئێران، لەسێدارەدانی 10 کەس

2011-02-09

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای نارەزایەتیە ناخۆیی و دەرەکیەکان درێژە دەدەن بە سیاسەتی لەسێدارەدانی گیراوان.
لەو چووارچێوەیەدا 10 کەسیتر لە ئێران لە سێدارە دران.
بە گوێرەی ماڵپەری" کەمپینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران" ڕۆژی دووشەممە 18ی ڕیبەندان، تەنیا چەند رۆژ دوای ئەوەی هەواڵنێری تایبەتی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیگەرانی خۆی لە شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانە شاراوەکان لە گرتووخانەی" وەکیل ئاباد" لە مەشهەد دەربڕیبوو؛ 10 کەس بە تاوانی بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر، بە شێوەیەکی شاراوە لە گرتووخانەی " وەکیل ئاباد" بە کۆمەڵ لەسێدارەدراون کە 5 کەس لەوانە، هاوڵاتی ئەفغانستان بوون.

بەو پێیە لەسەرەتای ئەمساڵی زاییینیەوە تا ئێستا، لە ئێران **١٠٩** کەس لەسێدارەدراون.

## گوشار بۆ سەر گیراوانی سیاسی ، دەست بە سەر کردن و زیندانی کردنی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کردستان

هەوڵەکان بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی حسێن خزری

*پێنجشەممە,٤ فوریە ٢٠١١*

زیاتر لە سێ هەفتەیە گیراوی سیاسی کورد، حسێن خزری ناسراو بە هێمن ئورمییە، لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە لەسێدارە دراوە.
تا ئێستاش، سەرەڕای هەموو بەدواچوونەکانی بنەماڵەکەی، نەتواندراوە تەرمی خزری وەربگرنەوە.
دەوڵەتی ئێران، سەرەڕای لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی، تەنانەت لە دانەوەی تەرمەکانیشیان بە بنەماڵەکانیان، دەترسێت و تەرمەکان بێ سەروشوێن دەکات.
دوای ئەوەی کە ڕژیم پێداگیری کرد لە نەدانەوەی تەرمی شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مامۆستا فەرزاد کەمانگەر کە لە ڕێکەوتی 19ی گوڵانی ساڵی ڕابردوو لە زیندانی ئەوین لە سێدارە دران، ئەو جارەیان ڕژیم تەرمی حسێن خزری ناداتەوە بنەماڵەکەی و خۆی دەپارێزێت لە دانی هەر چەشنە زانیارییەک.
جێی ئاماژەیە، چالاکی سیاسی و ئەندامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لە ساڵی 2008 لە کرماشان دەستبەسەرکراو و بە تۆمەتی محارب، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. خزری لە سەرەتای مانگی ژانویەی ڕابردوودا، لە زیندانی ئورمییەوە بێسەروشوێن کرا و دوای چەند ڕۆژێک دەوڵەت بێ ئەوەی ناوی خزری بێنێت، ڕایگەیاند کە ئەندامێکی پژاکیان

لە سێدارە داوە

گوشار و ئەشکەنجەی سەر گیراوانی گرتووخانەی سنە بەردەوامە 2011-02-05

گیراوانی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری سنە، بە شێوازی دژوار ڕووبەڕووی گوشاری کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران دەبنەوە. بە گوێرەی زانیاریەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لێکۆڵەرەوانی ئیدارەی ئیتلاعات و سپای پاسداران، دەستیان داوەتە گوشار، ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتی کردن بە گیراوانی سیاسیی گرتووخانەی نانوەندی شاری سنە. ڕاگەیەندرا لێکۆڵەرەوانی ئیتلاعات گیراوانی سیاسی بانگهێشت دەکەن و، بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر ڕووبەڕووی لێپرسینەوەیان دەکەنەوە. هەندێک لە گیراوانی سیاسی، ئاستی ئەو گوشارانەیان گەڕاندۆتەوە بۆ گوشاری سەر گیراوانی سیاسی، لە دەیەکانی 60دا.

ڕاگەیەندرا هەر لە گرتووخانەی سنە، گیراوی سیاسی بەهمەن سەعیدی تەمەن 23 ساڵان، بە هویً نەخۆشییەوە چاوەکانی هەڵاوساون. زانرا پزیشکانی ناوەندی تەندرووستیی گرتووخانە، ئاماژەیان بە پێویستیی نەشتەرگەری لە دەرەوەی گرتووخانە بۆ بەهمەن کردووە، بەڵام کاربەدەستانی گرتووخانە ڕێگری دەکەن، لە چارەسەرکردنی ئەو گیراوە کوردە.

ڕەوشی نالەباری گیراوی کورد لە گرتوخانەیی سەڵماس
دوشەممۆ ١٨ بەهمەن
سەلاح الدین ئیبراهیمی ٤٣ ساڵە کوری عەباس خەڵکی ئیسلام ئاوا سەر بە شاری سەڵماس گیراوی کورد لە گرتوخانەیی شاری سەلماس سەرەرایی رەوشی نالەباری جەستەیی و رۆحی ئیجازە نادەن کە دوکتورەکان دەرمانی کەن . جێگایی باسە کە ساڵی ١٣٦٤ برای ئەو گیراوە کوردە بە نیوی خەشایار ئیبراهیمی بە بیانوی ئەوە کە باری قاچاغی پێیە لە گوندی دریک سەر بە شاری سەلماس لە لایەن هێزەکانی ئینتزامی کۆماری ئیسلامی ئێران کوشترا .

بەردەوامی گوشارەکانی رژیم بۆ سەر کوردان

*دووشەممە, 07 فوریە ٢٠١١ واتا ١٨ رێبەندان*
گوشار، دەستبەسەرکردن، سزای گران دژ بە چالاکانی سیاسی، مەدەنی و، خوێندکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ پسانەوە بەردەوامە.
محەمەد ئیلخانیزادە، خەڵکی بۆکان و خوێندکاری زانستی سیاسی لە زانکۆی تاران، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، دوای بانگهێشت کردنی لەلایەن سپای پاسدارانەوە، دەستبەسەر کرا.
لەلایەکیتر ڕایگەیاندرا کە، خوێندکاری سەقزی محەمەد ڕەحیم دێهقانی، 20 ڕۆژ لەمەوبەر لە بەردەم زانکۆی 'پەیام نووری شاری سەقز'، لەلایەن هێزەکانی سەر بە ڕژیمەوە دەستبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ئاژانسەکە ڕادەگەیەنێت هێزەکانی سەر بە ڕژیم، هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی محەمەد ڕەحیم دێهقانی، و دەستیان بە سەر کۆمپیوتەر و ژمارەیەک کتێبی ئەو خوێندکارە کوردەدا گرتووە.
هاوکات بە گوێرەی هەواڵی کەمپینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، ٦ فوریە ئیتڵاعاتی شاری قوڕوە لە گەڵ ژمارەیەک لە هێزی تایبەت، هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی چالاکی فەرهەنگی و مەدەنی ناوچەی دێگوڵان ،فەیزوڵڵا حوسێن پەناهی ،کە خۆی و کوڕێکیان بە لێدان و سوکایەتی پێکردن لەگەڵ خۆیان بردۆتە شوێنێکی نادیار..

سزا بەسەر زیندانیانی کورد دادەسەپێنن

*دووشەممە, 07 ڕێبەندان 2011*

گیراوانی سیاسی کورد لە گرتووخانەی ئورمیە دا نەک تەنها ڕووبەڕووی بێڕێزی و گوشار دەبنەوە، بەڵکو سزاگەلێکی وایان بەسەردا دەسەپێنن کە مرۆڤ سەرسام دەکات.

گیراوی سیاسی کورد جەهانگیر بادوزادە، لە زیندانی ئورمییەدا 6 مانگ سزای مانەوەی لە ژووری تاکەکەسیدا بەسەردا سەپێندرا.

بە گوێرەی دواین زانیاریەکان لە شاری ئورمییەوە، گیراوی سیاسی کورد جەهانگیر بادوزادە کە لەدژی لەسێدارەدانی حسێن حزری لەگەڵ گیراوانی تردا مانی گرتبوو، سزای 6 مانگ مانەوەی لە ژورەکانی تاکەکەسیدا بەسەردا سەپێنراوە.

لەلایەکیتر گیراوی سیاسی، عەلی ئەحمەد سلێمان زیاتر لە مانگێکە بۆ ئیدارەی ئتلاعاتی شاری ئورمییە گوازراوەتەوە کە تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە بە چ مەبەستێک ڕایانگواستووە.

هەروەها گیراوانی سیاسی قادر محەمەدزادە، محەمەد ئەمین عەبدوڵلاهی و مستەفا عەلی ئەحمەد، کە لە زیندانی ئورمییەوە بۆ ئیدارەی ئتلاعاتی ئەو شارە گوازراونەتەوە، چارەنوسیان نازاندرێت

بەیانیەی زیندانیانی سیاسی کورد لە گرتوخانەی ورمێ

2011-02-09

گیراوانی سیاسی کورد لە بەندی 12ی گرتوخانەی ئورمییە، سەبارەت بە بەردەوامی گوشاری سەر گیراوان لەلایەن بەڕێوەبەرانی گرتووخانەکە و وەزارەتی ئیتلاعات، لێدوانێکیان بۆ ڕای گشتی ڕاگەیاند.

گیراوانی سیاسی وێڕای ئاماژەدان بە ئاستەنگی و گوشارەکان، داوایان لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیاندنەکان کردووە، بە مەبەستی نەهێشتی ئەو گوشارانە بکەونە هەوڵدانەوە.

دوابەدای لەسێدارەدانی گیراوی سیاسی و ئەندامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک حسێن خزری لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، گیراوانی کورد بەتایبەت لە زیندانی ئورمییەدا هەڵوێستیان نواند و دەستیان بە چالاکی مانگرتن کردبوو. بەو هۆی ئەو هەڵوێستەیان ڕووبەڕووی سزاکانی وەک هێشتنەوە لە ژورەکانی تاکەکەسی، دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی شەخسی، ڕاگواستنیان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و تەنانەت ڕووبەڕووی بێڕێزییەکی زۆر کراونەوە و دەرگای بەندەکەیان بەسەردا داخرا.

گیراوانی سیاسی کورد لە گرتووخانەی ئورمییە لە 9 خاڵدا سەرنج دەدەنە سەر ئەم گوشارانە:

1- بۆ ماوەی 2 هەفتەیە تەلەفوونی گشتیی بەندی 12 پچڕاوە.

2- بڕینی ئاوی گەرمی حەمامی بەندەکە، بە جۆرێک ئێستا لە ڕۆژدا تەنیا یەک کاتژمێر ئاوی گەرم لە حەمامی بەندەکە هەیە.

3- پێشگری کردن لە گیراوانی سیاسی بۆ چوونە ناو بەشەکانی دروومان و جل شتن بە مەبەستی پێک هینانی پێداویستیە شەخسیەکانیان.

4- داخستنی سالۆنی وەرزشی بەڕووی گیراوانی سیاسی بۆ ماوەی یەک مانگ.

5- پێشگریکردن لە چوونی گیراوانی سیاسی بەندی 12 بۆ بنکەی تەندروستی گرتووخانە.

6- پێشگریکردن لە بەشداری گیراوانی سیاسی لە پۆلەکانی فێرکاری گرتووخانە و پێشگرتن لە کاری گیراوان لە بەشی بەرهەمە دەستیەکاندا.

8- نەدانی ئەو جلوبەرگانەی کە بنەماڵەی گیراوان بۆیانی دەبەن.

9- گواستنەوەی 4 کەس لە گیراوان بە ناوەکانی" قادر محەمەدزادە، محەمەد ئەمین عەبدولاهی، عەلی ئەحمەد سلێمان و مستەفا عەلی ئەحمەدی" بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بێ هیچ هۆکارێک. ئەو ئاستەنگیانە لە کاتێکدایە کە لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە 3 جار هێزە تایبەتەکان و هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات هێرشیان کردووەتە سەر بەندی 12

و له کاتی پشکنیندا، دەستیان داوەتە ئازار و ئەشکەنجەی گیراوان و دەست گرتن بەسەر کەلوپەلە شەخسیەکانیاندا، بە تایبەتی وێنەی ئەندامانی بنەماڵەی گیراوان، نووسراوە و کتێبە شەخسیەکان، شکاندنی کەل و پەل و دڕاندنی جل وبەرگی گیراوان.
هەروەها شکاندنی چەندین تەلەفوزیون و یەخچاڵی بەندەکە کە ئەوانەش لە لایەن گیرانەوە بە پارەی خۆیان کڕابوون.
گیراوانی سیاسی کورد لە بەندی 12ی گرتووخانەی ناوەندی ئورمییە هۆکاری دەرکردنی ئەو لێدوانە بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی دەگەڕینەوە و ڕادەگەیەنن:
-ئێمە ئاماژەمان کرد بە بەشێک لە کێشەکان تا لە قۆناغی یەکەمدا ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت ئەو چالاکانەی مافی مرۆڤ کە بێ هیچ هەڵاواردنێک بەدوواداچوون دەکەن بۆ پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤ؛ هەروەها ڕاگەیاندنە گشتیەکان ببنە دەنگ و زمانی ئێمە گیراوانی سیاسی گرتووخانەی ئورمییە و باس لە گوشار و ئاستەنگیەکانی سەر ئێمە بکەن، چونکوو کاربەدەستانی گرتووخانە و ئەو کاربەدەستانەی بۆ چاودێری دێنە زیندان، هیچ کامیان، سەردانی بەندی گیراوانی سیاسی ناکەن و تەنانەت نایانهەوێت کە بوونی ئێمە وەک گیراوانی سیاسی لە گرتووخانەی ئورمییە قبوول بکەن.
لە کۆتاییدا گیراوان داوا لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیاندنەکان دەکەن، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە گوشاری سەر گیراوانی سیاسی، بکەونە هەوڵدانەوە و ئەو پێشلکاریانە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن.

باشوور، واژۆی 53 پارلەمەنتار دژ بە سزای ئێعدام

*سێشەممە, 08 ڕێبەندان 2011*
کەمپینی پارلەمانتەرانی هەرێمی کوردستان، دژ بە سزای لەسێدارەدانی گیراوانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەرفراوانترد دەبێتەوە.
تا ئێستا 53 پارلەمانتاری کوردستان، داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی لەسێدارەدانی گیراوانی سیاسی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.
بەو پێیە هەتا ئێستا 4 پارلەمنتەری مەسیحی، 1 پارلەمانتەری تورکمان، 1ی شیوعی، 2 پارلەمانتەری یەکگرتووی ئیسلامی، 1ی سۆسیالست،1ی ئەرمەنی، 1ی زەحمەتکێشان، 15ی بزوتنەوەی گۆران، 14ی یەکێتی و هەروەها 13 پارلەمانتەری پارتی، بەگشتی 53 ئەندام پارلەمانی هەرێمی کوردستان، داوای هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدانی چالاکانی کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستان دەکەن.
.

**ئاشکرا بونی پەیتا پەیتایی گۆرە بە کۆمەڵەکان کوشتاری بە کۆمەڵی کوردان وپێشێلکاری سەرسورهێنەری مافی ژیانی گەلی کورد لە بەر چاوی جیهانیان**

ئەرتەش دانی بەهەبوونی گۆری بەکۆمەڵ کرد

*سێشەممە, 08 ڕێبەندان 2011*
دوای ئاشکرابوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی بەدلیس، لەوانە گۆڕەبەکۆمەڵەکەی نزیک زبڵخانەی فەرماندارییی ئەرتەش، فەرمانداریی گشتیی ئەرتەشی تورک بە لێدوانێک دانی بە هەبوونی چەند گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی موتکیی سەر بە بەدلیس دانا و، ڕایگەیاند کە ئەمانە گەریلای پەکەکە لە خۆ دەگرن، کە لە شەڕدا گیانیان لەدەست داوە.
لە لێدوانەکەیدا فەرمانداریی گشتیی ئەرتەش دانی بەوە دانا، پەیکەری 17-18 کەس کە لە دوو ناوچەی سەر بە بەدلیس لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزراونەوە، تەرمی ئەندامانی پەکەکەن، کە ساڵی 1999 لە شەڕدا گیانیان لەدەست داوە. بەو پێیە

تەرمی 13 گەریلا، لە لایە سەردۆزگەری تورکەوە، بەر لە شاردنەوەیان لێکۆڵینەوەی دی ئێن ئەیان لە سەر کراوە و، پاشان لە سەر ڕێگەی بەدلیس بەکۆمەڵ شاردراونەوە.
لە لێدوانەکەدا هەروەها ڕایگەیەندرا، تەرمی 2 گەریلای تر کە لە هەمان دەمدا لە شەڕدا گیانیان لەدەدست داوە، لە هەمان هەرێم لە لایەن شارەدارییەوە شاردراونەوە.
بە گویرەی لێدوانەکە تاقیکردنەوەی دی ئێن ئەی و دیمەنی ئەو گەریلایانە، لە لای شارەداریی موتکیی سەر بە بەدلیس هەن.

ئاشکرابوونی گۆڕی بەکۆمەڵ لە باتمان
2011-02-10
دوای ئاشکرابوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی موتکی و دۆڵی قەسابان لە نزیک شاری سێرت لە باکوری کوردستان، لە ناوچەی ساسۆن و هەزۆی سەر بە باتمانیش، هەواڵی نوێی ئاشکرابوونی گۆڕی بە کۆمەڵ هاتن
بە گوێرەی شایەدحاڵان، لە ساسۆن 60 و لە هەزۆ تەرمی 25 کەس لە دوو گۆڕی بەکۆمەڵدا شاردراونەوە
لە شایەدحاڵانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی ساسۆنی شارەداری ناوچەکە، 'موزەففەر ئاسڵان' ڕایگەیاند کە لە ساڵانی 1990 دا، بە دەیان کەس لە گۆڕستانی شارەداریی بۆ جەنازەی بێکەسان، بە کۆمەڵ شاردراونەوە
ئاسڵان ڕایگەیاند تەنها بە پێی زانیاریەکانی ئەو، لەو گۆڕستانەدا تەرمی 48 کەسی تێدایە
دەووترێ کە یەک لەو 48 تەرمە، ژنە
شایەدحاڵێکی تر ڕایگەیاند، لە هەمان گۆڕستان 12 جەنازەیتر هەن
لەلایەکی ترەوە شارەداری ناوچەی هەزۆ محەممەد ڕەشید هاشمی ڕایگەیاند کە تەرمی 25 کەسیتر، لە قەبرستانی شارەداری بۆ بێکەسان شاردراونەوە.

ئاشکرا بوونی تاوانێکیتری ئەرتەش لە سێرت
2011-02-09
یەک لە ناونیشانەکانی هۆڤێتیی دەوڵەتی تورک لە کوردستان، نەوالا قەسابان لە هەرێمی سێرتە.
ئەو ناوچەیە کە بۆتە بابەتی گەلێک لۆرک و هەڵبەست، ئیدی لە لایەن تەواوی گەلی کوردەوە، ناسراوە.
یەک لە شاهیدانی ئەو هۆڤێتییە، شارەداری سێرتی ئەوکات د.ئەکرەم بیلەک، باسی ڕاستیی نەوالا قەسابان دەکات.
نەوالا قەسابان کە نزیک شاری سێرتە، شوێنی سەربڕینی ئاژەڵان بوو، قەسابی هەرێمەکە کەوڵ و پاشماوەی ئەو ئاژەڵانەیانیان لێ فڕێ دەدا، هەر بۆیە بەو ناوە دەناسرا.
نەوالا قەسابان لە ساڵی 1983وە هەتا 1990، وەکوو زبڵدانی شار بەکار دەهێنرا.
ئەرتەشی توورک لە شەڕی 30 ساڵەی دا، کەسانی کە لە شەڕدا گیانیان لەدەست دەدا، بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، لە نەوالا قەسابان دەشاردەوە و، ئەو کردارە دژە مرۆڤانەیە بە ساڵان درێژەی کێشا.
لە باکووری کوردستان بۆ یەکەمین جار ساڵی 1989 گۆڕی بەکۆمەڵ ئاشکرا بوون.
لە نەوالا قەسابان هەتا ئێستا ناسنامەی تەرمی 73 کەس دەستنیشان کراون، بەڵام بەگوێرەی بنەماڵەی بێسەروشوێنبووان و، پارێزەرانی مافی مرۆڤ ئەو ژمارەیە لە 200 کەس زیادترە.
شارەداری ئەوکاتی سێرت سەر بە پارتی سۆسیالیستی گەل-سەهەپە د. ئەکرەم بیلەک، دەستنیشانی کرد کە لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکەوە، خەڵکی مەدەنی کە کوژراون، لە نەوالا قەسابان شاردراونەوە.
د. بیلەک شاردنەوەی مرۆڤەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا، وەکوو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە ناوکرد و ووتی:
هەموو هەوڵەکان لە دژی ئەم کردارە هۆڤانانە، بێ ئەنجام بوون. شاردنەوەی تەرمی مرۆڤەکان لە زبڵدانەی شار و، لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بنپێکردنی شەرەفی مرۆڤایەتییە.
د. ئەکرەم بیلەک ڕایگەیاند کە نەوالا قەسابان بۆتە برینێکی قووڵ لە دڵی کۆمەڵگەی کوردەواریدا.
پارێزەری بنەماڵەی قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵێکان شاکر دەمیریش، دەستنیشانی کرد کە، گەلێک بنەماڵەی کە لە ناویاندا

**Kurdish Human Rights Association**

---

بنەماڵەی فەرماندەی پەکەکە مەحسووم کۆرکمازیش هەیە، چاوەڕوانن گۆڕە بەکۆمەڵەکانی نەوالا قەسابان بکرێنەوە.
دەمیر دەستنیشانی کرد کە ڕاستیی نەوالا قەسابان، ڕووی شەڕی چەپەڵی دەوڵەتی تورک ئاشکرا دەکات و ووتی: بۆ ئەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بکرێنەوە، ئەوان گوڕ بە هەوڵدانەکانیان دەدەن.

کەرکوک، 8 کەس کوژران و 80یش بریندار

2011-02-09

سەرلەبەیانی ۹ فوریە, سێ تەقینەوە شاری کەرکوکیان هەژاند، کە بووە هۆی کوژرانی 8 کەس و برینداربوونی 80 کەسی دیکە.
بەگوێرەی سەرچاوەکان لە باشووری کوردستانەوە، کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ۹ فوریە، ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر کە خۆکوژێکی تێدابووە، لەبەردەم بازاڕێك لە تەنیشت بارەگایەکی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لەشاری کەرکوك لە گەڕەکی حەی واست تەقیوەتەوەو دەیان کەس بونەتە قوربانی.
دوای تەقینەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکە، لەسەر دوو شەقامی سەرەکی ئەو ناوچەیە دو بۆمبی چێندراو دانراوە و لەوکاتەی کە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش بەرەو شوێنی تەقینەوەکە چوون، هەردو بۆمبەکە تەقێنراونەتەوە.
بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان، تاوەکو ئێستا 8 کەس لەو ڕوداوەدا کوژراون و 80 کەسی دیکەش برینداربون، کە پێدەچێت ژمارەی قوربانییەکان زیاتر بێت.

دوو گیراوی سنە دەبێ ئازادبکریەن

2011-02-09

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە دەرکردنی لێدوانێک؛ خوازیاری ئازادی هەرچی زووتری دوو چالاکی کورد" یەحیا قەوامی و سەعید ساعێدی" بووە، کە لە شەوی 26ی دێسامبر لەلایەن هێزە ئاسایشیەکانی ڕژیم لە ماڵی باوکی خوێندکاری کورد" حەبیبوڵڵا لەتیفی" دەستبەسەر کرابوون.
لە لێدوانەکەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستاندا هاتووە: نزیکەی 45 ڕۆژ بەسەر دەستبەسەرکردنی" یەحیا قەوامی و سەعید ساعێدی" تێپەڕ دەبێت، لەو ماوەیەدا ئەو دوو چالاکە جگە لە 2 پەیوەندی کورت بە ڕێگی تەلەفوون تا ئێستا هیچ پەیوەندیەکیان بە بنەماڵەکانیانەوە نەگرتووە و بڵاوبوونەوەی هەندیک هەواڵ لەسەر ئەوان نیگەرانی خانەوادەکانیان زیاتر کردووە.
ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە سەرنجدان بە چالاکیەکانی ئەو دوو چالاکە کوردە لە بواری مەدەنیدا ،داوا لە کاربەدەستانی دەزگای داد دەکات کە زەمینەی ئازادی ئەو کەسانە هەر چی زووترە فەراهەم بکات.